# ئایا كۆنسۆلخانەی ئەلمانیا لە هەولێر كراوەتەوە؟ ... ئازاد محمدامین سلیم

هانۆفەر - ئەلمانیا
azadsalim@yahoo. de

لای زۆر كەس ئاشكراو ڕوونە كە بوونی بالوێزخانە وە یا كۆنسۆلخانە لە هەر شوێنێكدابریتیە لە مەلبەندێكی فرە مەبەستی وڵاتی خاوەنیەتی لە بوارە جیا جیاكاندا (سیاسی، ئابوری، كلتوری، ڕۆشنبیری. . . هتد) وە زۆر جار گرنگی شوێنی كردنەوەی ئەم كۆنسۆلخانە جێگای سەرنجی خاوەنەكەیەتی بۆپەرەپێدان و خزمەتی بەرژەوەندی باڵای ئەم وڵاتە.

من وەك كوردێك، لەوانەیە زۆری تریش وەك من، دلخۆش بوون بە هەوالی كردنەوەی كۆنسۆلخانەی ئەلمانیا لە هەولێر كە لە ڕۆژی دووشەممە ڕێكەوتی 2005/09/19 لە هەردوو ڕۆژنامەی كوردستانی نوێ (1) وە خەبات (2) بڵاو كرایەوە، وە هەروەها لە تەلەفزیونەكانیش چەند چاوپێكەوتنێك پیشان درا كە گوایە كۆنسۆلی ئەلمانیا پێشوازی لێكراوە.

بوونی دەیان هەزار كوردستانی لە ئەلمانیا بە شێوەیەكی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ سوود لەم (كۆنسۆلخانە) وەردەگرێ. بۆیە بەدوای ئەم هەوالە چووم وە بەرێگای ئیمایل پەیوەندیم بە بالوێزخانەی ئەلمانیا لە بەغدا كرد بۆ وەرگرتنی زانیاری زیاتر، بەڵام بە داخەوە بەگوێرەی نووسینی بالوێزی ئەلمانیا (برند ئێربل (3) ) ئەم هەوالە ڕاست نیە وە سەرچاوەكەی لە تێكنەگەیشتن هاتووە (لە خوارەوە دەقی نووسیلەكە وەك خۆی لەگەل وەرگێرانی بۆ كوردی) .

ئومێدەوارم كە بەرپرسان چی لە حوكومەت (هەردوو ئیدارەكە) وە هەروەها تەلەفزیۆن وە ڕۆژنامەكان لە ڕاستی یان چەوتی ئەم هەوالە یەكلا بكەنەوە. چونكە بڵاوكردنەوەی هەوالی ناڕاست (ئەگەر ڕوویدات) متمانەی خەلك بەم دەزگایانە لەق دەبێت (بە داخەوە ماوەیەك بەر لە ئێستا برادەرێك هەلەی ڕۆژنامەی خەباتی دەرخست لە وەرگێرانی ووتاری سەرۆك بوش لە نەتەوەیەكگرتووەكان كاتێك "قیرغستان" بە "كوردستان" خوێندرابۆوە، وە تا ئێستاش ڕۆژنامەی خەبات ڕوونی نەكردۆتەوە)

ئیمایلی من بۆ بالویز لەگەل وەڵامی ئەو بۆ من. . .

-----Original Message-----
From:. BAGD I [mailto:l@bagd. auswaertiges-amt. de]
Sent: Friday ،September 23 ،2005 10:46 AM
To: SAA ،Azad Salim Subject: Re: [Fwd: Info. . . ]
Sehr geehrter Herr Salim ،
Die Nachricht □ber die Er□ffnung eines Konsulats in Arbil ist falsch und berugt auf einem Missverst□ndnis .
Mit freundlichen Gr□□en
Bernd Erbel. BAGD vw-101 schrieb:
>
>
> -------- Original-Nachricht -------- >
Betreff: Info. . .

> Datum: Fri ،23 Sep 2005 10:30:35 +0200

> Von: SAA ،Azad Salim <>

> An: info@bagdad. diplo. de

>

>

>

> Hallo ،

>

> Habe ich von kurdische lokalen Media geh□rt dass Deutschland einen Konsulat in Erbil ge□ffnet. Ist das korrekt? Wenn Ja ،welche T□tigkeit hat? Wird die Visum vergeben? Gibt es Homepage f□r mehr Informatonen?

>

>

> Mit freundlichen Gr□□en

>

>

> Azad Salim

>

>

> C. I. S. Cross Industrie Software AG
> M. Sc Azad Salim
> Grosser Kolonnenweg 21
> D-30163 Hannover
> Tel. +49 (0511) 96605-279 ،Fax +49 (0511) 96605-199
>
> _mailto:
> _http://www. cisag. com_

وەرگێرانی هەردوو ئیمایل:

ئیمایلی من

ئەو کاتەتان باش،

من لە ڕێگای میدیای ناوخۆی کوردستانەوە بیستم کە ئەلمانیا کۆنسۆلخانەی لەهەولێر کردۆتەوە. ئایا ئەمە ڕاستە؟ ئەگەر بەلێ، چی جۆرە کارێك دەکەن؟ ئایا ڤیزا دەدەن؟ مالپەرتان هەیە بۆ زانیاری تر؟

لەگەل سەلاومان

ئازاد سەلیم

ئیمایلی بالوێز:

زۆر بەرێز سەلیم

هەوالی کردنەوەی کۆنسۆلخانەی ئەلمانیا لە هەولێر ڕاست نیە وە سەرچاوەی لە تێکنەگەیشتنەوە گرتووە.

لەگەل سەلاومان

برند ئێربل

---

(1)

کوردستانی نوێ
KURDISTANÎ NWÊ
Mon. 19/9/2005 No.3779 ژمارە (٣٧٧٩) دووشەممە ٢٠٠٥/٩/١٩ ڕۆژنامەیەکی سیاسیی ڕۆژانەیە، یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دەریدەکات

# کونسوڵی ئەڵمانیا لەهەولێر دەستبەکار بوو

**ڕاگەیاندنی پەرلەمانی کوردستان:** پێشنیوەڕۆی دوێنێ ٢٠٠٥/٩/١٨ بەڕێز عەدنان موفتی سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان پێشوازیی لەبەڕێز مەنفرێت میلەر کونسوڵی ئەڵمانیا لەهەولێر کرد، بەبۆنەی کردنەوەی بارەگای کونسوڵخانەی ئەو وڵاتە لەهەرێمی کوردستان.

لەدیدارێکدا کە بەئامادەبوونی زیاد گوزان و ڕاوێژکاری ڕاگەیاندن لەسەرۆکایەتی پەرلەمان بەڕێوەچوو، باس لەکردنەوەی بارەگای کونسوڵخانەی ئەڵمانیا لەهەولێر گەشەپێدانی پەیوەندییەکانی نێوان هەردوولا و بارودۆخی سیاسیی و ئابووریی و ئەمنیی لەهەرێمی کوردستان و عێراق کرا.

لەمبارەیەوە کونسوڵی ئەڵمانیا بەناوی حکومەتەکەی خۆشحاڵی خۆیان بەکردنەوەی بارەگای کونسوڵخانەکەیان لەکوردستان دەربڕی و باسی لەگرنگیی ئەو بڕیارەی حکومەتەکەی کرد و گوتی: کردنەوەی ئەم کونسوڵخانەیە لەسەر داوار ڕاسپاردەی حکومەتی ئەڵمانیای فیدراڵ کراوەتەوە لەبەر ڕۆشنایی ئەوەی کە عێراق و کوردستان بۆ ئێمە جێگایەکی تایبەتییان لە بایەخپێدانە سیاسیی و ئابوورییەکانی ئەڵمانیادا هەیەو دەمانەوێت پەیوەندییەکی باش لەگەڵ گەلی کوردستان و ناوچەکەدا دامەزرێنین و بەشداریی لەپرۆژەکانی ئاوەدانکردنەوەی کوردستاندا بکەین. پاشان سەرۆکی پەرلەمان پاش ئەوەی پیرۆزبایی بەبۆنەی کردنەوەو دەستبەکاربوونی لەکونسوڵی ئەڵمانیا کرد سوپاسی ئەو هەنگاوەی حکومەتی ئەڵمانیای کردو بەبایەخەوە باسی لە پەیوەندییە دێرینەکانی نێوان کوردو ئەڵمانیا کردو هیوای خواست ئەم هەنگاوە پاشە پەیوەندییەکانی نێوان گەلی کوردو ئەڵمانیاو هاریکاریی نێوان حکومەتی هەرێم و حکومەتی ئەڵمانیا لەسەرجەم بوارەکاندا بەرەوپێش بیات بەتایبەتی لەئاستی بەگەڕخستنی سەرمایەی کۆمپانیا ئەڵمانییەکان لەهەرێمی کوردستاندا.

لەبەشێکی تری قسەکانیدا سەرۆکی پەرلەمان ئاماژەی بەپرسەی سیاسیی و بارودۆخی ئەمنیی و شەڕ دژی تیرۆر کاریگەریی ئەوپسپسەوەی دەستوور لەجێگیرکردنی ئارامیی و ئاوەدانیی لەعێراق کردوەو هیوای سەرکەوتنی بۆ کونسوڵی ئەڵمانیا لەکوردستان خواست.

قایمقامی
دۆلار بۆ

جەمال تاریق-فۆتۆ حە
دوێنێ ٩/١٨ خا

خەبات
XEBAT
ڕۆژنامەیەکی سیاسیی ڕۆژانەیە - ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستان

# کونسوڵخانەی ئەڵمانیا لە هەولێر دەکرێتەوە

**ڕاگەیاندنی پەرلەمانی کوردستان:** پێش نیوەڕۆی دوێنێ عەدنان موفتی سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان پێشوازیی لە بەڕێز مەنفریت میلەر کونسوڵی ئەڵمانیا لە هەولێر کرد، بە بۆنەی کردنەوەی بارەگای کونسوڵخانەی ئەو وڵاتە لە هەرێمی کوردستان. لە دیدارێکدا باس لە کردنەوەی بارەگای کونسوڵخانەی ئەڵمانیا لە هەولێر و گەشەپێدانی پەیوەندییەکانی نێوان هەردوولا و بارودۆخی سیاسی و ئابووری و ئەمنی لە هەرێمی کوردستان و عێراق کرا. لەمبارەیەوە کونسوڵی ئەڵمانیا بەناوی حکومەتەکەی خۆشحاڵیی خۆیان بە کردنەوەی بارەگای کونسوڵخانەکەیان لە کوردستان دەربڕی و باسی لە گرنگی ئەو بڕیارەی حکومەتەکەی کرد و گوتی: کردنەوەی ئەم کونسوڵخانەیە لەسەر داوا و ڕاسپاردەی حکومەتی ئەڵمانیای فیدراڵ کراوەتەوە لەبەر ڕۆشنایی ئەوەی کە عێراق و کوردستان بۆ ئێمە جێگای تایبەتییان لە بایەخ پێدانە سیاسی و ئابوورییەکانی ئەڵمانیادا هەیە و دەمانەوێ پەیوەندییەکی باش لەگەڵ گەلی کوردستان و ناوچەکەدا دامەزرێنین و بەشداری لە پرۆژەکانی ئاوەدانکردنەوەی کوردستاندا بکەن. پاشان سەرۆکی پەرلەمان پاش ئەوەی پیرۆزبایی بە بۆنەی کردنەوە و دەست بەکاربوونی لە کونسوڵی ئەڵمانیا کرد،

بۆل13

بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی بالوێزی ئەلمانیا کلیکی ئێرە بکە
http://www. dw-world. de/dw/article/0 ،1564 ،1308369 ،00. html (3 (